# شەونم

## هۆنراوەی (82)

من نه آن رندم كه ترك شاهد و ساغر كنم

ئەمن و تەركی جام و یاری چاوڕەش و ئەسمەر بكەم
تەركی وان دارۆغە دەیزانێ مەگەر مەحشەر بكەم
من لە مێژ ساڵ بوو كە لۆمەی تۆبەكارانم دەكرد
وەختی گوڵ تۆبەی لەمەی پێموایە شێتم گەر بكەم
عیشق وەک دوڕ وایە من غەوواسم و مەیخانە بەحر
لەو بنەی بینەی دەكێشم تا لە كوێ سەردەر بكەم
من كە گەنجینەی دوڕ و یاقووتی ئەسرینم هەیە
چی لە پڕشنگ و لە گرشەی خۆرەكەی خاوەر بكەم
من كە بەو رووتی و فەقیریەی گەنجی سوڵتانیم هەیە
بۆ تەمای چاكەی لە سووڕی چەرخی زووتێپەڕ بكەم
لالەیە مەیگێڕ و نێرگس مەست و من بەدنێوی عیشق
عەرز و حاڵم زۆرە خوایە روو لەكام داوەر بكەم
وەختی گوڵ فەرمووتە زاهید بم، بەهەردووچاو بەڵام
بابزۆم پرسێک بەیاری چاوڕەش وئەسمەر بكەم
یار كە پێی خۆشە لە ئاگردا بسووتێن عاشقان
چاوچنۆكم گەر تەماشای چاوەكەی كەوسەر بكەم
ئەودەمەی سروەی بەیانی پۆری گوڵ دەشواتەوە
بێ شعوورم گەر تەماشای لاپەڕەی دەفتەر بكەم
گەرچی تۆزاوی و فەقیرم هێندە بەرزە هیممەتم
ئاو ئەگەر هی خۆرە پێم عارە كراسم تەڕ بكەم
گەر فەلەک قەول و قەراری ئیعتیبارێكی نیە
ئەو قەرار و بڕیە واچاكە لەگەڵ ساغەر بكەم
دابەزە تاوێ لە ئەسپ ئەی توركی شارشێوێنی من
تا بەئەسرین رێ وبانت پڕ دوڕ و گەوهەر بكەم
دوێ دەیانگوت لێوی ئاڵت قەند ئەبەخشێ گیانەكەم
تاكوو نەیچێژم بەزاری خۆم چلۆن باوەڕ بكەم
سووچی میحرابی برۆكەی تۆم لەبەختی خۆم دەوێ
تا لەوێ دەرسی ئەوینی تۆ بەگیانم وەر بكەم
تۆبە وەختی گوڵ نیە فایدێكی حافز بیر كەوە
با بە فێڵێكی دی ئەو فیكرەی لە بیرم دەر بكەم

حافزی حەقیقی